# "لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی لە
# گەشەپێدانی گەشت وگوزار (التنمية السياحة)"

ئامادەکراوە لە لایەن : کارێز ڕسول نبی

# پێشەکی:

**گەشەپێدانی گەشت وگوزار چییە؟**

**گەشەپێدانی گەشت وگوزار(بە عەرەبی: التنمية السياحة،بە ئینگلیزی: Development of Tourism)**

**گەشەپێدانی گەشت وگوزار: بریتیە لە کۆمەڵێك کرداری گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و کارئاسانی دامەزراوەکانی کەرتی گەشت و گوزار، بە مەبەستی دابینکردنی سەرجەم داواکارییەکانی گەشتیاران لە ناوچە گەشتیارییەکان تا ئەوپەڕی دڵنیایی.**

**کەواتە گەشەپێدانی گەشت وگوزار جەخت دەکاتەوە لەسەر دابینکردنی پێداویستیەکانی گەشتیاران و تێرکردنیان و بەرەوپێشبردنی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوەی گەشتیار بە تەواوی هەست بە حەوانەوە و ئاسوودەیی دڵ و دەرونی بکات لەو ناوچەیی کە ڕووی تێکردووە لەو ماوەی کاتی گەشتەکەیدا.**

**کەرتی گەشت وگوزارلە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو گرینگی زۆری پێدەدرێت هاوشانی کەرتی (کشتوکاڵ و پیشەسازی). ئەم کەرتە سەرچاوەی سەرەکی داهات و پێشخستنی وڵات و تێکهەڵاوبوونی دابوونەریتە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانە ئەمەش جگە لەوەی دەبێتە مایەی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان ورۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەیی بێکاری و دروستبوونی پەرەپێدانی پەیوەندییە گەشت وگوزارییەکان لەگەڵ وڵاتانی تر.**

# ناوەڕۆك:


- گەشەپێدانی گەشت وگوزار Development of Tourism
- جوگرافیای گەشت وگوزار Geography of Tourism
- گەشت وگوزار Tourism
- گەشتیار Tourist
- گەشت وگوزاری ژینگەیی EcoTourism
- خستنەڕووی گەشت وگوزاری Supply Tourism
- داواکاری گەشت وگوزاری Demand Tourism
- بنەما سروشتیەکانی گەشەپێدانی گەشت وگوزار
- جێبەجێکردنی ڕێگاکانی ئاماری لە گەشەپێدانی گەشت وگوزار (هاوكێشەی بێڵی)
- بنەما مرۆییەکانی گەشەپێدانی گەشت وگوزار
- پۆڵێنکردنی جۆرەکانی گەشت وگوزار
- گرینگترین توخمەکانی گەشەپێدانی گەشت وگوزار
- ئامانجەکانی گەشەپێدانی گەشت وگوزار

گەشەپێدانی گەشت وگوزار (Devlopment of Toursim):

گەشەپێدانی گەشت وگوزار (التنمية السياحية) زاراوەیەکی بەربڵاوە بەکاردەهێنرێت لەگەڵ سەرجەم کەرتە ئابووریەکاندا، بەجۆرێك کە بریتیە لە پەرەپێدانی کەرتێکی ئابووری بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، لە پێناو سوود گەیاندن بە سەرجەم پێکهاتەکانی نێو ئەم چوارچێوەیە بە شێوەیەکی خێراو تێچوویەکی کەم.

یەکێکیش لە جۆرەکانی گەشە پێدان لە کەرتی ئابووری بریتیە لە (گەشەپێدانی گەشت و گوزار) کە گرینگی دەدات بە سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بەشێوازی خستنەڕوو و داواکاری گەشتیاران، هەر بۆیە گەشەپێدانی گەشت و گوزار بۆ هەر ناوچە و هەرێمێك چەند ئامانجێکی هەیە کە زۆربەیان هاوبەشن لەگەڵ ئامانجەکانی پلاندانانی گەشتیاری، وەك بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی،کەوا تە گەشەپێدانی گەشت و گوزار: بریتیە لە بەردەستکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزاری بە مەبەستی پرکردنەوەی پێداویستی و خواستی گەشتیاران، ئەم کردارەش دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی کاربۆ دانیشتووان و بەدەست خستنی داهاتی نوێ (دراوی گران بەها).

بۆ ئەوەی چەمکی (گەشە پێدانی گەشت و گوزار) بە شێوەیەکی ڕوونتر بخەینەڕوو پێویستە چەند پێناسەیەك وزاراوەیەکی تر ڕوون بکرێنەوە بۆ ئەوەی ببن بە بنەمایەك بۆڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە.

- جوگرافیای گەشت وگوزار (Geography of Tourism):

ئەم زاراوەیە بۆیەکەمین جارلە لایەن (Strander) لە ساڵی 1905 بەکارهێنراوە، کە هەوڵی داوە جەخت لەسەر هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان بکاتەوە کە بنەماکانی گەشت وگوزاریان لەسەربنیات نراوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەربەخۆو پڕمانا زاراوەی گەشت وگوزار وەك لقێکی جوگرافیا بۆیەکەمین جارلە لایەن جوگرافیا ناسی پۆڵەندی (S.Leszczyki) لە ساڵی 1939 دەرکەوت، ئەمەش دووای ئەوەی لە چوارچێوەی لقێکی تری جوگرافیا پۆڵێن دەکرا.

- گەشت وگوزار (Tourism):

ئەم زاراوەیە لە دووای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەتایبەتی ببوو بە یەکێك لە دیاردەکانی سەردەم، هەربۆیە هەوڵێکی زۆردراوە بۆناساندن وپێناسەکردنی کە زیاترلە پێناسەیەك بەخۆی هەڵدەگرێت، بۆنموونە (جوبیرفردیلر) وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ پێشخستنی پەیوەندییە مرۆییەکان وگەشەکردنی ڕۆشنبیری ناساندوویەتی، بەڵام (فۆن شۆلیرن) وەك

دیاردەیەکی ئابووری ناساندوویەتی، لە فەرهەنگی (Webster) بە گەشتێك لە پێناو خۆشی پێناسەکراوە کەو اتە زاراوەی (Tour) بە مانای گەشتکردن دێت وزاراوەی (Tourism) بە مانای گەشت و گوزار دێت بە جۆرێکی تربە و اتای گواستنەوە دێت لە پێناو خۆشی و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و حەسانەوەی دڵ و دەروون بە تایبەتیش لە بۆنەو پشووەکاندا، دوورلە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی.

- گەشتیار (Tourist):

لە هەرلێکۆڵینەوەیەکی گەشت و گوزاریدا ناسینی گەشتیار گرینگی خۆی هەیە، چونکە هەموو دیاردە و چالاکییەکانی تر لە پەیوەندیەکی بەهێزدان و توخمێکی گرینگی چالاکی گەشت و گوزارە، هەربۆیە گەشتیار ئەوکەسەیە کە گەشت بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەکات لە ناوخۆیی وڵات بێت یان لە دەرەوەی وڵات بێت کە ماوەی مانەوەی گەشتەکەی لە (24) کاتژمێر کەمتر نەبێت و لە (ساڵێك) زیاتر نەبێت بە مەرجێك بۆ دەسکەوتی ماددی و خوێندن و بازرگانی و تەندروستی نەبێت، بەڵام لە کاتێکدا ئەگەر ماوەی مانەوەی گەشتیار لە (24) کاتژمێر کەمتربوو ئەوا بە گەشت دانانرێنت و بە سەیران دادەنرێت.

- گەشت و گوزاری ژینگەیی (Eco Tourism):

بریتیە لە گەشتکردن بۆ ئەوناچانەی کە تێك نەچوون و پیس نەبوون، بە ئامانجێکی دیاریکراو وەك لێکۆڵینەوە و چێژوەرگرتن لە سەیرکردنی سروشت، یان شارەزابوون لە دیاردە ڕۆشنبیری و مێژووی و شوێنەوارییەکان.

- خستەڕووی گەشت و گوزار Supply Tourism :

لە سەرجەم ئەو پاڵنەرە گەشت و گوزاریانە پێکدێت کە تو انستی ڕاکێشانی سروشتی بێت یان مرۆیی، ئەمەش جگە لەو خزمەتگوزاری و کاڵایانەی لە لە ناوچە گەشت و گوزارییەکان پێشکەشی گەشتیار دەکرێن . سێ جۆری سەرەکی خستنەڕووی گەشتیاری هەن کە بریتین لە :

1 – پێکهاتەی سروشتی: وەك (ئاوهەوا، بەرزی و نزمی، شوێنی جوگرافی، ڕووەکی سروشتی، ئاژەڵ و باڵندەیی کێوی،.دەرامەتی ئاو و دیاردە سروشتیە سەر سوڕهێنەرەکان).

2 – پێکهاتەی مرۆیی: وەك (دانیشتوان، ناوچە مێژووی و شارستنیەتیەکان، شوێنە ئاینی و پیرۆزەکان، گیانی میو انداریەتی، کۆنگرە زانستیەکان، بەرهەمە ڕوشنبیر و کۆمەڵایەتیەکان، جەژن و بۆنە تایبەتەکان).

3 – پێکهاتەی تەواوکاری یان ئاسانکاری گەشت و گوزاری، کە دەبن بە دووجۆر:

* دامەزراوەکانی ژێرخانی ئابووری: وەکو تۆڕەکانی ڕێگاوبان، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، وێستگە، بازاڕ، نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی، پۆستە و گەیندن.

* دامەزراوەکانی سەرخانی ئابووری: وەکو گوند، شار، شاری یاری، پارك، میوانخانە، هۆتێل، کابینە و خانوو و چادرگەی گەشتیاری، سینەما و شانۆ، ڕێسۆرانت.

- داواکاری گەشت و گوزار Demand Tourism:

بە شێوەیەکی گشتی: بریتیە لەو بڕە کاڵایەی کۆمەڵێك لە بەکاربەران دەیانەوێت بە نرخێکی دیاریکراو لە کات و شوێنی دیاریکراو، بەڵام لە ڕوانگەی جوگرافیەوە: بریتیە لە کۆی گشتی ژمارەی ئەو گەشتیارانەی، کە دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشت و گوزارییەکان بەکاردێنن ئەگەر هاتوو هاوڵاتی نێوخۆبن یاخود بێگانە.

بنەما سروشتیەکانی گەشەپێدانی گەشت و گوزار:

- شوێنی جوگرافی: بە یەکێك لە گرینگترین بنەما سروشتییە سەرەکیەکانی هێزی ڕاکێشانی گەشتیار دادەنرێت بۆ ئەو بازاڕە سروشتییەی کە بە سیمای جوگرافی ناوچەکەی بەخشیوە، بەتایبەتی کاتێك ئەم شوێنە نزیك بێت لە سەرچاوەکانی دەرچوونی گەشتیاران، کە خۆی دەنووێنت بە بەرزی ئاستی بژێوی و ڕۆشنبیری و جەنجاڵی دانیشتوان لە هەرێمەکانی دراوسێ.

مەبەست لە شوێننی جوگرافی کە شوێنی دیاردەیەکی جوگرافیە وەك (شار، هەرێم، دەوڵەت) دەگرێتەوە، ئەگەر وەکو دەرامەتێکی سروشتی لێی بڕوانین ئەوا شوێنی (ئیسترۆنۆمی واتە شوێن بە گوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی، شوێنی ستراتیجی، شوێنی کیشوەری و دەریایی و شوێنی دراوسێیەتی یان ڕێژەیی) دەگرێتەوە

- بەرزی و نزمی (Topography): شێوە وڕووخسارەکانی ڕووی زەوی(چیا، دەشت، دۆڵ ، بان، خەرەند) بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانەن کە بە درێژایی مێژووی چاخە جیۆلۆجیەکان بەسەر ناوچەکاندا هاتوون، هەربۆیە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دابینکردنی توانستە گەشت و گوزاریەکانی هەر ناوچەیەك بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران. هەرچەند شێوە وڕووخسارەکانی ڕووی زەوی دەگمەن تر و سەرسوڕهێنەرتربێت ئەوا لە بواری گەشت و گوزاردا بایەخی زیاتر دەبێت، جۆراوجۆری شێوە و ڕووخسارەکانی زەوی تایبەتمەندییەکی تەواو بە ناوچەکان دەبەخشت و بە هێزی ڕاکێشانی گەشتیاران دادەنرێت، بە تایبەتیش ئەو ناوچانەی کە بە بەفر داپۆشراون گەشتیار دەتوانێت جێژ لەم جۆرە دیمەنانە وەربگرێت و یاری خزیی سەر بەفر ئەنجام بدات، شایەنی باسە لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش توانراوە سوو لە

شێوە و ڕووخسارەکانی ڕووی زەوی وەربگیردرێت لە بواری گەشت و گوزاردا.وەکو (چیای کۆڕەک، خەرەندی ڕو اندوز، بێخاڵ، چیای حەسەن بەگ لە وەرزی زستان بۆئەنجامدانی یاری خلیسکانەی سەر بەفر).

● دەرامەتی ئاو: دەرامەتێکی سروشتی لەبن نەهاتووە کە یەکێك لە سەرچاوە گەشتوگوزارییە گرینگەکڤنی ژینگەی سروشتی پێك دێنێت، دەرامەتی ئاو بوارێکی فراوان بۆگەشتیاران دەرەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراوجۆر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، ئەو چالاکییە گەشت و گوزاریانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆپەیوەستن بە ئاو بریتین لە:

سەیرکردنی دیمەنی جو انی بەفر.

ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی لەسەربەفروەک خلیسکانەی سەر بەفر.

گەڕان بەناویدا، بەتایبەتی ئاوی ڕووبارو دەریاچەکان چ بە مەبەستی مەلەکردن بێت یان بە مەبەستی خلیسکانەی سەرئاو بێت.

ئاوی کانز ایی و بەکارهێنانی وەکو چارەسەرێکی سروشتی وبایەخی لە بوری گەشت و گوزار.

بەڵام ئەو چالاکییە گەشت و گوزاریانەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆپەیوەستن بە ئاو بریتین لە:

کاریگەری سامانی ئاو لەسەرسروشت.

دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی دانیشتوان وبنکە گەشتیاری وگەشت وگوزارییەکان.

● ڕووەکی سروشتی وئاژەڵ وباڵندەیی کێوییەکان:

ڕووەکی سروشتی بنەمایەکی جوگرافی لە بنەما گەشت و گوزارییەکان دەنوێنن لە ژینگەی خستنەڕووی گەشت و گوزارو زۆربەی کاتیش وێنەیەکی جوان بە شێوە و ڕووخسارەکانی ڕووی زەوی دەبەخشن، گرینگی و بایەخی ڕووەکی سروشتی بە پێی جۆری درەختەکان و شێواز و چڕیان دەگۆڕێت، هەربۆیە پسپۆران پێیان وایە کە باشترین شێوازو جۆری ڕووەکی سروشتی ئەو انەن کە لە شێوەی دارستانن ئەمەش لەبەرچەند هۆکارێك کە بریتین لە:

1- دارستانەکان کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەباری گەشت وگوزاریان هەلگرتووە کە لە وەرزی هاوینان پلەکانی گەرمی لە ناوچەی دارستانەکان کەمترە بە بەراورد بە ناوچەکانی ترو لە وەرزی زستانان پلەی گەرمیان بەرزترە.

2- بڕی شێ لە ناوچەی دارستانەکان زیاترە، بەتایبەتیش لە وەرزی (هاوین و زستان) بە بەراورد بە ناوچەکانی تر.
3- با و گەردەلول و تەپوتۆز کەمترە لە ناوچەی دارستانەکان.
4- دارستانەکان دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێش بە ناوچەکان دەبخشن .

جگە لە هەموو ئەم هۆکارانە دەرستانەکان بوونەتە لانکەی حەو انەی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان و وەکو پەناگەیەک بەکاری دێنن ئەمەش و ایکردووە دارستانەکان سەرنج ڕاکێشتر دەربکەون و ببن بە بنەمایەکی گرنگی گەشت و گوزار، زۆربەی وڵاتانی جیهان لە ئەمڕۆدا لە هەوڵی ئەوەدان پارێزگاری دابینکردنی شوێنی تایبەت بە ئاژەڵ و باڵندە کێوییە دەگمەنەکان و ڕووەکی سروشتی کە هەڵساون بە گرتنەبەری ڕێوو شوێنی پێویست بۆ پاراستنیان لە ڕێگای پارسنگی سروشتی (پارێزراوی سروشتی) بە تایبەتی لەو وڵاتانەی بە ڕووەکی سروشتی و سامانی ئاژەڵی و باڵندە دەگمەنەکان دەوڵەمەندن.

بیرۆکەی پارسنگی سروشتی (پارێزراوی سروشتی) لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش هەوڵی جێبەجێکردنی دراوە بە تایبەتیش لە ناوچەی بارزان کە بە قەدەغەکردنی ڕاوی هەر جۆرە ئاژەڵ و باڵندەیەکی کێوی لە ناوچەکەدا قەدەغەکراوە.

- ئاوهەوا (Climatology): بە یەکێک لە گرینگترین ڕەگەزەکانی ڕاکێشان و خستنەڕووی گەشتیار دادەنرێت ویەکێکە لە بنەماکانی جوگر افیای سروشتی وهۆکارێکی کاریگەرە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و گەشەکردنی گەشت و گوزار، بارودۆخی ئاوهەوای گەشتیاری خۆی دەبینێتەوە لە (خۆری درەوشاوە، هەوای پاك پلەی گەرمی مامناوەند) کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی کارلە چاڵاکی گەشت وگوزاردەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆی ئاوهەوا کاریگەری لەسەر ڕووپۆشی ڕووەکی هەیە.

هەربۆیە ئەم جۆرە ئاوهەو ایە لە تەواوی گۆی زەوی بەدی ناکرێت کە شیاوبێت بۆ چاڵاکییە گەشت و گوزارییەکان تەنها لە چەند ناوچەیەك و شوێنێك نەبێت هەربۆیە چاڵاکییە گەشت و گوزارییەکان پێویستیان بە ئاوهەو ایەکی تایبەت بەخۆ هەیە بۆ نموونە:

خزینی سەر بەفر (خلیسکانەی سەر بەفر) ئاوهەوا بە ڕێگر دەزانێت بۆ چاڵاکی مەلەکردن لە کەناراوەکان کە لە جۆری یەکەمدا پێویستی بە بارینی بەفرێکی زۆرە، کەچی لە جۆری دووەمدا پێویستی بە بارینی بەفرێکی زۆر هەیە.

لەبەرئەم هۆکارە پسپۆڕان هەوڵیان داوە باشترین وگونجاوترین جۆری ئاوهەوای گەشت وگوزاردیاری بکەن بەم شێوەیە (بریتیە لەو ئاوهەو اییە کە ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان هیچ جۆرە ئەرك و نائاسودیی و دەرون تەنگی لای گەشتیارلە ماوەی گەشتە گەشتیاریەکەیدا دروست ناکات، بەڵکو چاڵاکی و جوڵەی

پێ دەبەخشێت و پیادەکردنی چالاکییە گەشت وگوزارییەکان بە شێوەیەکی حەواوە (مریح) لە ژینگەی سروشتیدا هەست بە حەوانەی جەستەیی و دەرونی دەکات لە ماوەی پیادەکردنی هەر شێوازێکی گەشت وگوزاردا).

ئاوهەوا لە ڕێگای ڕەگەزەکانیەوە زیاتر کاریگەرتر دەبێت لە گرینگترین ڕەگەزەکانی ئاوهەواش بریتین لە:

1- پلەی گەرمی (Temperature):

بریتییە لە بڕی وزەی تەنێك کە بە ئامرازێك پێوانە دەکرێت، پلەی گەرمی بە یەکێك لە گرینگترین ڕەگەزە ئاوهەوایەکانی گەشت وگوزار دادەنرێت، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر ڕەگەزەکانی تری ئاوهەوا هەیە.

بە جۆرێک کاریگەرە لەسەر جوڵەی ئاسۆیی وستوونی هەوا و دابارین وبەهەڵمبوون وپەستان هەربۆیە هەر گۆڕانکاریەك لە پلەی گەرمی ڕوودات کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانی ڕەگەزەکانی تر، ئەمەش جگە لەوەی کە باری ئارامی و حەسانەوە و مرۆڤ و چالاکییەکانی پەیوەستن بە پلەی گەرمی گونجاو. جەستەی مرۆڤ کاتێك پلەی گەرمی دەگاتە (37)° پلەی سیلیزی ئەوا دەگاتە ئەوپەڕی چالاکی. بۆنموونە بەرزبوونەوەی بڕێکی زۆری پلەی گەرمی هەوا و بڕێکی زۆری شێ لە کاتێکدا کە پلەی گەرمی جەستەی مرۆڤ (37)° پلەی سیلیزییە، ئەوا دەبێتە مایەی ناڕەحەت بوون و بێزاربوونی گەشتیاران بە گشت تەمەنەکانیانەوە، هەربۆ لە کاتی هەڵبژاردنی گونجاو ترین و باشترین پێگەی گەشتیاری دەبێت پلەی گەرمی و بڕی شێی ناوچەکە لەبەرچاو بگیردرێت، بۆئەم مەبەستەش گونجاوترین جۆری پلەی گەرمی بۆ ناوچە گەشت و گوزارییەکان خەمڵێندراوە بە پێی پۆڵێنی (جفنی) کە لە نێوان (17 بۆ 25)° پلەی سیلیزییە بە جۆرێك ئەگەرپلەی گەرمی لە (25)° پلەی سیلیزی زیاتربێت ولە (15)° پلەی سیلیزی کەمتر بێت ئەوا بە پلەی گەرمی نەگونجاو دادەنرێت و دەرئەنجام ئەبێتە مایەی ناڕەحەت بوون و نائاسوودەی گەشتیار.

2- شێی هەوا (Humidity):

بڕی شێ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە پلەی گەرمیەوە هەیە، بە جۆرێك کە لە چوارچێوەی کاریگەریەکانی لەسەر دیاریکردنی ئاستی حەوانەوەی مرۆڤە، بۆنموونە هەرچەند بڕی شێ بەرزتربێت بەڵام لەگەڵ بوونی پلەی گەرمی بەرز مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و حەوانەوە ناکات بە پێچەوانەشەوە ڕاستە هەرچەند بڕی شێ بەرزتربێت، بەڵام لەگەڵ نزم بوونەوەی پلەکانی گەرما بە تایبەتی لە وەرزی زستان مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی ناکات، هەربۆیە شێی هەوا لە بواری گەشت وگوزاردا خاون سەنگێکی تایبەتە ورۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی پشوو و حەوانەوەی

گەشتیاران لە ناوچە گەشتیارییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران پێیان وایە کە گونجاوترین بڕی شێ بۆ لەشی مرۆڤ ئەوەیە کە بکەوێتە نێوان (40 بۆ 60)° پلە.

بەفر(Snow):

دیاردەیەکە لە دیاردەکانی دابارین، لە شێوەی تنۆکی بچووک بچووک یان لە شێوەی پەلکە سەهۆڵی شێوە ئەستێرەیی یان گۆیی، دەکەوێتە خوارەوە بە شێوەی بەفر هەمان ئەوهەورەی کە باران دەبارێنێت دەشتوانێت بەفریش ببارێنێت، تەنها جیاوازییەکەیان لە پلەی گەرمی هەورەکە و هەوای خوارەوەی هەورەکەیە کە پێویستە پلەی گەرمی هەواکە نزمتر بێت بۆ دابارینی بەفر کە تایبەتە بە ناوچە بەرز و شاخاوییەکان (چیایەکان) بە تایبەتی لە مانگەکانی (کانونی یەکەم و دووەم و شوبات) کە پلەی گەرمی دادەبەزێت.

بەفریش لە بواری چالاکی گەشت و گوزاردا گرینگی و ڕۆڵی خۆی هەیە، چونکە دیمەنێکی جوان بەو ناوچانە دەبەخشێت کە بەفریان تیادا دەبارێت و جگە لەمەش گەشتیار دەتوانێت یاری خزینی سەر بەفر (خلیسکانەی سەر بەفر) ئەنجام بدات و چێژێکی زیاتر لەو دیمەن و یاریە وەربگرێت، بێگومان ئەمەش پاڵنەرێکی گرینگە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئەو ناوچە گەشت و گوزاریانەی لە وەرزی زستان بەفریان تیادا دەبارێت.

- جێبەجێکردنی ڕێگاکانی ئاماری لە گەشەپێدانی گەشت و گوزار (هاوکێشەی بێلی):

هاوکێشەی بێلی جیهانی دابەشکردووە بەسەر (10) هەرێمی گەرمی، باشترین جۆری ئاوهەوای بۆ پێوانەکردنی ئاستی حەوانەوەی مرۆڤ دەناوە کە لە نێوان (59,9 بۆ 56,1) هێمای (C1 و C2) وەرگرتووە ، بەهۆی ئەم پۆلێنەوە کاریگەری گەرمی لەسەر ناوچەکان دەردەخات لە ڕێگای ئەم هاوکێشەیەوە:

ET = (64,2 × T - 50 × T) / (D + 14,4)

کاریگەری گەرما = ET

تێکڕایی پلەی گەرمی گەرمترین مانگی ساڵ (ف) = T

تێکڕایی پلەی گەرمی ساردترین مانگی ساڵ (ف) = T

مەودای گەرمی : D = T - T

ET = (64,2 × 86 – 50 × 41,6) / (45 + 14,4)  ET = 57,9

کەواتە بە پێی هاوکێشەی پۆلێنی بێلی ئەم شوێنە لە جۆری C2

بنەما مرۆییەکانی گەشەپێدانی گەشت و گوزار:

توانستە مرۆییە گەشت و گوزارییەکان زۆرن و جۆراوجۆرن تەنانەت لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێن بە گوێرەی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر خودی مرۆڤدا دێن، گرینگترین بنەماکانیش بریتین لە:

- دانیشتوان: لە لێکۆڵینەوە گەشت و گوزارییەکاندا پێکهاتەی تەمن و ڕەگەزی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك گرینگی و بایەخی خۆی هەیە لە کاتێکەوە بۆکاتێکی تردەگۆڕێن بە گوێرەی گۆڕانکاری کۆمەڵگا بۆنموونە: ئەو چینەی تەمەنیان لە نێوان (سفر بۆ 14) ساڵیدایە بە چینی منداڵ ناسراون یان لەگەڵ خێزانەکانیان گەشت دەکەن یانیش لە قۆناغەکانی خوێندن گەشت ئەنجامدەدەن.

بەڵام ئەوەی زیاتر دەچنە ژێر چەمکی گەشت و گوزار ئەو چینەن کە تەمەنیان لە نێوان (7 بۆ 14) ساڵیدایە ئەم چینە زۆربەی کات لە لایەن کۆمپانیا گەشت و گوزارییەکان و کۆمەڵە خێرخوازەکانەوە چالاکییە گەشت و گوزارییەکانیان بۆ ڕێك دەخرێت، وە ئەو چینەی تەمەنیان لە نێوان (15 بۆ 64) ساڵیدایە ڕێژەیەکی بەرزی گەشتیاران پێك دەهێنن وئەوانەی تەمەنیان (65) ساڵ بەسەرەوەیە بە چینی بەساڵاچووان ناسراون کە ڕێژەیەکی کەمی گەشتیاران پێك دەهێنن.

- توانستە مێژووی و شارستانیەتییەکان: دیاردە مێژووی و شارستانییەکان بە هێزی ڕاکێشانی گەشتیاران دادەنرێن، ناوچە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوەی مێژوویی و شوێنەواری بواربە مرۆڤ دەدەن کە ئاشنای ڕابدووی خۆی وگەلانی تربێت چێژ لە ناسین و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و دیمەنی شوێنەکان و باری پێشکەوتنیان لە ڕابردوو لە بواری (بیناسازی، ئەندازیاری، پزیشکی، گەردوونی) وەربگرێت، هەربۆیە ئەم دیاردە مێژووی و شارستانیەتانە بریتین لە شوێنە مێژوویەکان و ناوچە شوێنەواریەکان کە بە توخمێکی هەمیشە زیندوو و نەمردادەنرێن.

- شوێنەوارە ئاینییەکان: گەشت وگوزاربە مەبەستی سەردانیکردنی شوێنە ئاینیە پیرۆزەکان پەیوەستە بە چۆنیەتی بیر و باوەڕی کۆمەڵگا و شێوازی هەڵسوکەوتیان، بۆیە سەردنیکردنی شوێنەوارە ئاینە پیرۆزەکان وەك: (مەرقەد و مەزار، مزگەوت، کڵێسا،گۆڕستان) بە باشترین توانستی ڕاکێشانی گەشتیاران دادەنرێن.

- توانستە ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتییەکان: پەیوەندی نێوان باری ڕۆشنبیری و خواستی گەشت و گوزار پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، تا ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان بەرزتربێت خواستی گەشت و گوزاریش زیاتر دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە تێکهەڵبوونی کۆمەڵگایەك بە داب و

نەریتی گەلانی ترلە هەمان کاتیشدا گیانی میو انداریەتی بەرزتردەکاتەوە، چونکە ئەوەی گەشت وگوزار چالاکتردەکات ئەو جیاوازییە گەورەییەی نێوان داب و نەریت و رۆشنبیری گەلانە.

● کۆنفرانس و جەژن و بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان: هەرچی بوارە هونەرییە گەشت وگوزارییەکانە ئەوا بە سامانە گەشت و گوزارییەکان دادەنرێن، لەوانەش ڤیستیڤاڵە هونەرییەکان و چالاکییە وەزیشیە جۆراوجۆرەکان و رێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینارە زانستیەکان کە بە وەچەرخانی راکێشانی گەشتیاران دادەنرێت.

● فۆلکلۆر و پیشیە دەستیەکان و بەرهەمە میللییەکان: زۆرلایەنی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت وەك: وێنە سیرامیك و هونەری شێوەکاری  و وێنە ئەندازەییەکان و دەربڕینی مۆسیقا و هەڵپەرکێ کلاسیکیەکان و بەرهەمە نەتەوەیی و زمانەوانییەکان و چاپ و بڵاوکراوە  ئەکادیمەکان وەکو گۆڤار و رۆژنامەگەری و خواردن و خواردنەوە کلاسیکیەکان بە باشترین شێوازی کلتوری ئەو ناوچەیە دادەنرێن.

جۆرەکانی گەشت وگوزارو پۆلێنکردنیان:

● گەشت وگوزارلەسەربنەمای دووری جوگرافی:

1 – گەشت وگوزاری ناوخۆیی .

2 – گەشت وگوزاری دەرەکی.

3 – گەشت وگوزاری میو انداری.

● گەشت وگوزارلەسەربنەمای جوڵانەوە و ماوەی مانەوەی گەشتیار:

1 – گەشت وگوزاری کەژی.

2 – گەشت وگوزاری مانەوە.

3-  گەشت وگوزاری جێگۆڕکێ.

● گەشت وگوزاربەپێی سروشتی کەژی گەشتوگوزاری:

1 – گەشت وگوزاری زستانی.

2 – گەشت وگوزاری هاوینەیی.

3 – گەشت وگوزاری بۆنەکان.

● گەشت وگوزار بەپێی رادەی کر انەوە:

1 – گەشت وگوزاری ئاڕاستەکراو.

2 – گەشت وگوزاری سەربەست.

- گەشت وگوزار بەپێی جۆر و شێوازی گواستنەوەی بەکارهێنراو:

1 – گەشت وگوزاری ئاوی.

2 – گەشت وگوزاری وشکانی.

3 – گەشت وگوزاری ئاسمانی.

- گەشت وگوزار بەپێی مەبەست و پاڵنەرەکان:

1 – گەشت وگوزاری حەوانەوە.

2 – گەشت وگوزاری ڕۆشنبیری.

3 – گەشت وگوزاری ئاینی.

4 – گەشت وگوزاری چارەسەر.

5 – گەشت وگوزاری وەرزشی.

6 – گەشت وگوزاری کۆمەڵایەتی.

- گەشت وگوزار بەپێی ژمارەی گەشتیاران:

1 – گەشت وگوزاری تاکی.

2- گەشت وگوزاری بە کۆمەڵ.

- گرینگترین توخمەکانی گەشەپێدانی گەشت وگوزار:

1 – سەرەنج ڕاکێشە گەشت وگوزارییەکان کە پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

1- توخمی سروشتی (بەرزی و نزمی، ئاوهەوا، سەرچاوە ئاوییەکان، ڕووەکی سروشتی).

ب – توخمی نا سروشتی (شوێنەوارە مێژووییەکان و شوێنەوارە ئاینیەکان).

2 – گۆاستنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە (وشکانی، ئاوی، ئاسمانی).

3 – شوێنەکانی حەوانەوە وەك: (هۆتێل، خانووی میوانداری).

4 – خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابووری وەك: (ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، هێڵی ئینتەرنێت).

5 – ئاسانكاری بۆ گەشتیاران وەك: (بانك، بازاڕی ئاڵۆگۆڕكردنی دراو).

● ئامانجەكانی گەشەپێدانی گەشت و گوزار:

1- لە ڕووی ئابووریەوە:

* زیادبوونی ئاستی داهاتی نەتەوەیی.

* دابینكردن و ڕەخساندنی هەلی كار.

* جیبەجێكردنی گەشەپێدانی هەرێمی.

2- لە ڕووی ژینگەیی:

* پاراستن و پارێزگاریكردن لە ژینگە.

* ڕێگری كردن لە تێكچوون بەهۆی جێبەجێكردنی چەند یاسا و ڕێنمایەك.

3 – لە ڕووی ڕامیاری و ڕۆشنبیریەوە:

* بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیرو زیادبوونی پەیوەندی نێوان گەلان.

* پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان، بەتایبەتی دەوڵەتە گەشت و گوزاریيەكان.

## لیستی سەرچاوەکان:

1-  پەرەپێدانی گەشت وگوزار ، ڕاپۆرت: نووسینی، ئاشنا اسماعیل أحمد

زانکۆی سەلاحدین، کۆلێژی ئاداب

بەشی جوگرافیا، قۆناغی دووەم، 2022 – 2023.

2-  توێژینەوەیەك لەژێرناونیشانی:  شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی گەشت وگوزارلە قەزای کفری ، ئامادەکردنی: هاوسەرابراهیم عبدالله، أحمد عزیزعبدلله، خالد ولی علی.

زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردە بەشی جوگرافیا، 2019.

3-  ماستەرپلانی گەشت وگوزار: پلانی ستراتیجی گەشت وگوزارلە هەرێمی کوردستان وعێراق

حوکمەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، دەستەی گشتی گەشت وگوزار.